# حوکمی قەزاکردنەوەی ڕۆژووی مانگی ڕەمەزان لە وەرزی زستاندا

[ kurdish – کوردی – كردي ]

لیژنەی هەمیشەیی بۆ لێکۆلینەوەی زانستی و فەتوا و بانگەواز و ڕێنمایی

وەرگێرانی: دەستەی بەشی زمانی کوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

**پێداچونەوەی:** پشتیوان سابیر عەزیز

2011 - 1432

IslamHouse.com

# ﴿ حكم تأجيل قضاء رمضان إلى الشتاء ﴾

« باللغة الكردية »


اللجنة الدائمة للبحوث العلمية والإفتاء والدعوة والإرشاد

ترجمة: فريق قسم اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز



2011 - 1432

IslamHouse.com

# حوکمی قەزاکردنەوەی ڕۆژووی مانگی ڕەمەزان لە وەرزی زستاندا

**پرسیار:** ئایا حوکمی قەزاکردنەوەی ڕۆژووی مانگی ڕەمەزان چییە لە وەرزی زستاندا؟ وەك ئاگادارین کە ڕۆژەکانی وەرزی زستان کوورتن؟

**وەڵام:** سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە ودرود وصەلاوات بۆ سەرگیانی پاکی پێغەمبەری ئیسلام وهاوەڵ وشوینکەوتوانی هەتا هەتایە.

پێویستە ئەو کەسەی کە ڕۆژوویەکی مانگی ڕەمەزان ناگرێت و لەبەر هەر عوزرێکی شەرعی بێت دەیشکێنیت دەبێت پێش ئەوەی ڕەمەزانی داهاتوو بگەڕێتەوە قەزای ئەو ڕۆژە بکاتەوە و بیگرێتەوە، جا لە وەرزی زستاندا بێت یان لەهەر وەرزێکی تردا بێت، ئەویش بەبەڵگەی ئەو ئایەتە پیرۆزەی کە خوای گەورە دەفەرموێت : (فَمَنْ كَانَ

مِنْكُمْ مَرِيضاً أَوْ عَلَى سَفَرٍ فَعِدَّةٌ مِنْ أَيَّامٍ أُخَرَ) {البقرة/١٨٤} واته :
ئینجا هەرکەسێکتان نەخۆش بوو، ئەگەر رۆژووی گرتبا نەخۆشیەکەی زیادی دەکرد؛ وە یان درەنگ چاك ئەبوویەوە، وەیان زۆری بۆدەهات و تەنگەتاو دەبوو، یان چووە سەفەر، ئەوجا رۆژووەکەیان شکاند، وەیان هەر لەبنە رۆژەوە نەیانگرت ، دەبێ لەرۆژانی تردا، چەند رۆژێ تر بە رۆژوو بنەوە.

وثبت عن عائشة رضي اللّٰه عنها: (يكون عليها القضاء فما تقضيه إلا في شعبان لمكان رسول اللّٰه صلى اللّٰه عليه وسلم) واته : لە عائیشەی دایکی باوەڕدارانیشەوە ڕیوایەتکراوە (خوای لێ ڕزای بێت) کە چەند ڕۆژێکی قەزای ڕەمەزانی بەسەرەوە بوو، نەیگرتەوە هەتا مانگی شەعبان هاتەوە (واتە مانگێك پێش ئەوەی ڕەمەزانێکی

تر بێتەوە) ئەویش لەبەر مەکانەت و ڕێزی پێغەمبەری خودا (صلى الله عليه وسلم) .

خوای گەورە پشت وپەنای هەموو لایەك بێت .

لیژنەی هەمیشەیی بۆ لێکۆڵینەوە وفەتوادان لە شانشینی عەرەبستانی سعودیە.

الشيخ عبد العزيز بن عبد الله بن باز .. الشيخ عبد الرزاق عفيفي .. الشيخ عبد الله بن غديان.

فەتواکانی لیژنەی هەمیشەیی، کۆمەڵەی دووەم، بەرگی٩/لاپەڕە٢٧٨.